# ئەگەر لە شوێنێک لامان بدایە (بۆ پشوو وەرگرتن)، نوێژمان نەدەکرد هەتاوەکو شتومەکەکانمان لەسەر پشتی ئاژەڵەکان دادەگرت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر لە شوێنێک لامان بدایە (بۆ پشوو وەرگرتن)، نوێژمان نەدەکرد هەتاوەکو شتومەکەکانمان لەسەر پشتی ئاژەڵەکان دادەگرت».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەگەر بیانویستیایە سەفەر بکەن، لە شوێنێکدا لایان دەدا بۆ مانەوە ونوێژ کردن وپشوو وەرگرتن یان هەر حاڵەتێکی تر، پاش لادانەکە ڕاستەوخۆ دەستیان نەدەکرد بە نوێژکردنی سونەت -هەرچەندە سووربوون لەسەر نوێژکردن- هەتاوەکو ئەو ئاژەڵانەی شتومەکی ڕێبوارەکانیان هەڵگرتووە؛ پشوو وەربگرن، بۆیە بەپەلە دەستیاندەکرد بە لابردنی شتومەکەکان لەسەر پشتی وشترەکان ئەمیش بۆ سووک کردنەوەی ناڕەحەتیەکانیان و وەکو ڕەحمەتێک بەرامبەریان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8844

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee